



www.yakgrtu.org

# یەکگرتوو

ژمارە (٨٥٥) - یەك شەممە ٢٠١١/٨/٢٨ ز - ساڵی حەڤدەهەم

٦ی (قەلاویژ)ی٢٧١١ی کوردی- ٢٨ی (رمضان)ی ١٤٣٢ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە



یەکێتی زانایان: هیچ فتوایەکمان دژی حیزبە ئیسلامییەکان دەرنەکردوە.. ٣

ئەو ڕۆژە رانیە ماتەمی گێڕا داوا دەکرێت حکومەتی هەرێم لەخوێنی [٧] ئەندامی خێزانەکە خۆش نەبێت ... ٤

بەغداو هێرشی سێ لایەنە بۆ سەر کوردستان... ٥

دوای سەرکەوتنیان بەسەر قەزافیدا، شۆڕشگێڕانی لیبیا ڕوبەڕووی قۆناغێکی قورستر دەبنەوە... ٦




وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو:

# دەبێ دەسەڵات بە ئەنجامدانی چاکسازیو یەکخستنی ناو ماڵی کوردی وەڵامی هەڕەشە دەرەکییەکان بداتەوە

یەکگرتوو، تایبەت

(د.سەلاحەدین بابەکر) وتەبێژو ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی یەکگرتوو دەڵێ:» دەبێ دەسەلاَت بە ئەنجامدانی چاکسازیو یەکخستنی ناو ماڵی کوردی وەڵامی هەڕەشە دەرەکییەکان بداتەوە». ئاماژەش بەوە دەکات کە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وای دەبینن کە پێویستە ئەم فشارو مەترسیانەی لە سەر هەرێمی کوردستان هەیە ببێتە هەوێنی پتەوکردنی یەکریزیو یەکگرتووی لایەنەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بە چاکسازیو هەنگاونان بۆ گۆڕانکاری بە یاسا سەروەریو نەهێشتنی نانبڕین هەموو ئەو کۆسپ و گرفتە سیاسییە کێشە ناوخۆیەکان چارەسەر بکرێت.

(د.سەلاحەدین بابەکر) لە بەشێکی تری چاوپێکەتنەکەی دەڵێت:» بڕینی بودجەی ئۆپۆزسیۆن وەکو کارتێکی سیاسی بوو لە کاتو ساتی خۆی دەسەلاَت لە دژی ئۆپۆزسیۆن بە کاری هێنا ئەگەرنا هیچ پاساوێکی یاسای نەبوو، چونکە لە مەکتەبی سیاسی پارتیو یەکێتی بڕیاری بڕینی بودجەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن دراوە، بۆیە پێویستە ئەم بودجەیە بە زووترین کات بگەڕێندرێتەوەو ئەم ماوەیەش کە بڕاوە ئێمە بە قەرز حسابمان کردوە»

# نەخۆشەکان کۆمەکی پێویست کراون

## دوای جەژن سپێدە بڕی هاوکارییەکان رادەگەیەنێت

لە درێژەی ئەو هاوکارییانەی کە لەڕێی کەناڵەکەوە بۆ نەخۆش و کەمدەرامەتەکان دابین دەکران، مانگی رەمەزان لە بەرنامەی (هانا)وە کەناڵی ئاسمانیی سپێدە چەندین راپۆرتی نەخۆش و نەدار و کەمدەرامەتی بۆ بینەران بلاوکردەوە، لەو ڕێیەشەوە چەندین هاوکاری گەیشتە کەناڵەکە.

دەربارەی بڕی هاوکارییەکان و ئەو نەخۆشانەی پێیان گەیشتووە و زانیاری زیاتر، (بوخاری جەمیل - بەڕێوەبەری گشتی کەناڵی سپێدە) بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو رایگەیاند کە «لەبەرئەوەی سەرجەمی کۆمەکیەکان لە نووسینگەکانەوە نەگەیشتوونەتەوە دەستمان، لە ئێستادا نازانین چەند کۆکراوەتەوە، بەڵام جەماوەری خۆشەویستی کوردستان و کوردانی هەندەران و خێرۆمەندان ئاگادار دەکەین کە پاش گەیشتنەوەی سەرجەمی بڕەکان لە نووسینگەکانەوە، پێدانی ڕێژەی یارمەتی بۆ هەر نەخۆشێک و سەرجەمی گشتی ئاشکرا دەکەین، لەگەڵ ئەو نەخۆشانەی چارەسەری پێویستیان بۆ ئەنجام دراوە».

شایانی باسە نیشاندانی نەخۆشەکان لە کەناڵی ئاسمانی سپێدەوە هەستی جەماوەری خێرۆمەندی کوردستانی بزواند و، متمانە بە کەناڵەش هۆکارێک بوو تا هاوکاری پێویستی کەمدەرامەتەکان بکرێت.

# هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەکەوێتە سەرەتای (٢٠١٢)

## پەرلەمانتارێک: هۆکاری دواکەوتنی هەڵبژاردنەکان، سیاسییە ..

**ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکگرتوو، رایدەگەیەنێت کە هۆکاری دواخستنی هەڵبژاردنەکان، سیاسییە و دوو حیزبی دەسەلاتدار نایانەوێ لە ئێستادا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.**

(حەمە سەعید حەمە عەلی ـ پەرلەمانتاری لیستی یەکگرتوو) پێی وایە هۆکاری دواکەوتنی هەڵبژاردنەکان لە ئەستۆی دوو حیزبی دەسەلاتدایە و ئەوان ترسیان لە زیادبوونی ئاستی جەماوەری ئۆپۆزسیۆن هەیە، بۆیە نایانەوێ هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ.

(شێروان حەیدەری)ش سەرۆکی لیژنەی یاسایی و پەلەمانتار لەسەر لیستی کوردستانی، هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە تا ئێستا یاساکە لەلایەن حکومەتەوە رەوانەی پەرلەمان نەکراوە، هەروەک پێشبینی دەکات هەڵبژاردنەکان بکەوێتە سەرەتای ساڵی داهاتوو، چونکە تا ئێستا یاساکە ئامادە نەبووە.

لەبارەی دروستکردنی کۆمسیۆنێکی نوێی تایبەت بە هەرێم، تا ئێستا یەکلا نەبۆتەوە، بەڵام (حەیدەری) پێی وانییە ئەمە ببێتە بەربەست لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا.

(حاکم سەردار ـ ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنیەکان) لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو، وتی:» پێش هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان، ئێمە ناتوانین هیچ هەنگاوێکی عەمەلی بهاوێژین». وتیشی :»هەرکاتێک یاساکە ئامادە بوو، ئێمە دەتوانین دەستبەکار بین بەشێوەیەکی یاسایی و رێکوپێک بەڕێوەی ببەین».






وتەبێژی پەکەکە:

# ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەژێر دەستی تورکیاو ئەمریکادایە

تایبەت بە یەکگرتوو

**وتەبێژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەڵێ هیچ پەیوەندیەکمان لەگەڵ رژێمی بەشار ئەسەد نییە، ئێمە ئەو رژێمە بە دیکتاتۆر دەزانین.**



(ئەحمەد دەنیز ـ وتەبێژی پەکەکە) لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو ئەو تۆمەتانەی رەت کردەوە کە باس لە تەنسیق و هاوکاری نێوان رژێمی بەشار ئەسەد لە سوریاو پەکەکە دەکەن بۆ لاواز کردنی هەڵوێستی تورکیا، لەم بارەیەوە دەڵێ: «درۆ لە تورکیا سەری هەڵداوە ئەو قسانە هیچ بنەمایەکی نییە، کە باس لەوە دەکەن کە ئێمە چالاکی سەربازی بە ئیعازی سوریا دەکەین بۆ لاواز کردن و سەرقاڵ کردنی تورکیا». وتەبێژی پەکەکە دەڵێ: «ئێمە ئازادین لەوەی پەیوەندی لەگەڵ هەر وڵات و لایەنێک ببەستین هەروەکو چۆن تورکیا ئازادە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەبێت، بەڵام لەئێستادا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئێمەو رژێمی بەشار ئەسەد نییە، ئێمە حکومەتی بەشار ئەسەد بە دیکتاتۆرو داگیرکەر دەزانین، چونکە تا ئێستا مافی گەلی کوردی دەستەبەر نەکردوە».

(ئەحمەد دەنیز) رەخنەی توندی لە ئۆپۆزسیۆنی سوری دەگریت بۆ ئەوەی سەربەخۆ نین و هەڵوێستیان رون نیە لە بەرامبەر مافەکانی گەلی کورد، لەم بارەیەوە دەڵێت: «لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا بەئاگاداری و ئامادەبوونی بەرپرسانی تورکیا کۆبوونەوە ساز دەکەن و هەر لەو وڵاتەش کۆدەبنەوە، بە بڕوای ئێمە ئۆپۆزسیۆنی سوری لەژێر دەستی تورکیاو ئەمریکادایە».

لە بەشێکی لێدوانەکەی ئەو وتەبێژەی پەکەکە ئەو رەخنانە رەتدەکاتەوە کە باس لە کەمتەرخەمی و ساردیو خۆدزینەوەی پەکەکە دەکەن لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایەی سوریا کە گوایە لایەنگرو ئەندامانی خۆیان ئاگادار کردۆتەوە کە خۆپیشاندان لە ناوچە کوردییەکانی سوریا نەکەن لەم بارەیەوەی ئەحمەد دەنیز دەڵێ:» گەلی کورد بە رێگای ئاشتیانەوە دیموکراتی خۆپیشاندان دەکەن رۆژانەش خۆپیشاندان لە کوردستانی رۆژئاوا هەیە بەڵام هەر وەکو گوتم لە بەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا هەڵوێستی بەرامبەر مافەکانی کورد روون نیە، بۆیە کورد گومان لە ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەکات، چونکە لە ژێر دەستی تورکیایە».